# خوێندنەوەی دەقی ئەی ڕەقیبی دڵدار بەپێی میتۆدی گشتگیری

پ.ی.د.علی طاهر حسین
بەشی وەرگێڕان
کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی

پ.ی.د.شنۆ محمد محمود
بەشی فارسی
کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی

**الملخص**

هذ البحث قراءة لنص (ئەی رەقیب) للشاعر دلدار وفق المنهج التكاملي الذي يعني استعمال اكثر من منهج نقدي في تحليل النص الشعري.

لدى النقاد اجتهادات كثيرة بخصوص هذا الموضوع، هناك من يؤيدها ومن يرفضها. هذا البحث عبارة عن دراسة وصفية وتحليلية تتكون من قسمين: القسم الاول عبارة عن إلقاء الضوء على تعريف ومفهوم النظرية النقدية للمناهج النقدية، والقسم الثاني يخص الاجراء التطبيقي وحللنا النص وفق المفاهيم التالية: عنوان النص، استهلال النص، أفق الإنتظار، مركزية النص.

**Summary**

This research is a reading of the text (Ai Raqib) (oh seargent) which was written by the kurdish poet (Dildar) according to the integrated approach.

Which means the use of more than one critical approach in analyzing the text.

Critics have arguments anout this subject. Them supports it and the other rejects it. This research is a descriptive and analytical study that consists of two parts: the first is to shed light on the definition and the concept of critical theory of critical approach. The second section is related to the practical procedure the text is analyzed according to the following approaches: the text title, text preface, expectation and text centralization.

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکە بۆ دەقی ئەی ڕەقیبی دڵدار بەپێی میتۆدی گشتگیری (المنهج المتكامل) واتە بەکارهێنانی زیاتر لە میتۆدێك بۆ ڕاڤەو شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، لەسەر بەکارهێنانی ئەم میتۆدە ڕەخنەگران بۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان پاڵپشتی لێدەکەن و دەڵێن باشترین شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەقی شیعریی ئەوەیە، کە زیاتر لە میتۆدێك بەکاربهێنی بۆئەوەی بچیتە ناو قوڵایی دەقەوەو، هەندێکی تریشیان بەپێچەوانەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کەوا دەقی شیعری لە ڕوانگەی تاك میتۆدییەوە بخوێننەوە. توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفیو شیکاری کاری تێداکراوە، بابەتەکەش بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە، لەبەشی یەکەمدا کارمان لەسەر هەندێ چەمکی ڕەخنەییو تیۆریی چەند میتۆدێك کردووەو دیدو بۆچوونی هەندێ لە پسپۆڕانی ئەو چەمکانەمان ڕونکردۆتەوە، بەشی دووەمیشیان، پراکتیزەکردنە، واتە خوێندنەوەو شیکردنەوەی دەقی ئەی ڕەقیبی دڵداره بەپێی ئەو چەمکانە لەوانە: دەسەڵاتی ناونیشان بەسەر دەقدا، دەستپێکی دەق (استهلال النص)، روانگەی ئاسۆی چاوەڕوانی، سەنتەرگەرایی دەق (مركزية النص) و چەند چەمکێکی تر.

**بەشی یەکەم**

**میتۆد پێناسەو بنەما**

لە هەموو بوارەکانی زانست بە هەموو جۆرەکانییەوە پەیڕەوی لە میتۆد دەکرێت تا کارەکە سەرکەوتوو بێت، توێژینەوەی ئەکادیمیش پابەندی میتۆد دەبێت "زانستی میتۆد Methodology – علم المناهج او المناهجية، بریتییە لەو زانستەی لە مێژوو و سەرهەڵدانو جۆرو چەشنەکانی میتۆد دەکۆڵێتەوە". [١]

میتۆدی ڕەخنەییش پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوەو لەوانە: "میتۆد بریتییە لە پراکتیزەکردنی کۆمەڵێك یاساو دیسپلین تا بگەیت بە ڕاستی". [٢]

---

١ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبو زانستە مرۆڤایەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥،ل ٣٧٦.

٢ بشير تاوريت (د.)، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، الطبعة الاولى، دمشق، ٢٠٠٨، ل ٨٠.

"یتۆد بریتییه له چەند چوارچێوەیەکی تیۆری‌و پراکتیکی، ئامانجی ئەوەیە تێکستێك شی بکاتەوەو راڤەی بکات، واتە میتۆد بریتییە لە خوێندنەوەی تێکستێك بەشێوەیەکی زانستی‌و سیستماتیك‌و رێکخراو ئەمە بۆ ئەوەی هەموو لایەنێکی ئەو تێکستە بە وردی بخوێنرێتەوە". [1]

"مەبەست لە میتۆد زنجیرەیەك پرۆسەی بەرنامە بۆ داڕێژراوە، ئامانج لێی بەدەستهێنانی ئەنجامە بەشێوەیەك گونجاو بێت لەگەڵ پێویستییە تیۆرییەکاندا". [2]

زاراوەی میتۆد واتە: "پلانێکی رێك‌وپێك بۆ چارەسەری کێشە لە رێگای بەکارهێنانی پرەنسیپە زانستییەکان لەسەر بنەمای بابەتیانەو هەست کردنێکی تەندروست‌و خەمڵاندن‌و ئەزمونی گوزەر (التجربة العابرة) و لۆجیکی رووت". [3]

لێرەدا هەموو پێناسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا دەبێت پەیڕەوی میتۆدێکی زانستی بکەین بەتایبەتیش ئەگەر توێژینەوەکەت زانستی بێت ئەوا رەچاوکردنی میتۆد زۆر گرنگەو ئەمەیش دوورت دەخاتەوە لە وتاری رۆژنامەوانی.

**میتۆدی گشتگیری**

رەوتێکی تێکەڵە بەوەی کە پابەندی هیچ قوتابخانەیەکی دیاریکراو نابێت، بەڵکو لە هەموو قوتابخانەیەکی رەخنەیی بۆ تێگەیشتن لە دەق شتێك وەردەگرێت، ئەم جۆرە رەخنەیە وا سەیری دەق دەکات کە یەکەیەکە لەناو خودی خۆیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پەنا بۆ ژیانی نووسەریش دەبات بۆئەوەی تیشك بخاتە سەر دەقەکە زۆر لە رەخنەگرە تازەکان ئەم جۆرە رەخنەیان بەلاوە گرنگ نییەو زۆر ئاوڕیلێنادەنەوە. [4]

"هەندێ جار توێژینەوە تەنیا لەیەك میتۆدا ناوەستێت‌و بەیەك میتۆدو بەیەك ئاراستە تێکستەکان ناخوێنێتەوە، واتە لێرەدا فرە میتۆدی دێتە ئاراوەو توێژەر زیاتر لە میتۆدێك بەکاردەهێنێت لەبەرئەوەی یەك میتۆد لە یەك لایەنەوە تێکستەکە روناك دەکاتەوە، بەڵام فرە میتۆدی لە چەندین

١ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب‌و زانستە مرۆڤایەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥،ل ٣٧٦.

٢ سعيد علوش (د.)، معجم المصطلحات الادبية، بيروت، ١٩٨٥،ص ٢٢٣.

٣ السيد تقى الدين، اصول البحث الادبي ومناهجه، ١٩٨٤، ص ١٤٦.

٤ عدنان خالد عبدالله (د.)، النقد التطبيقي التحليلي، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٦، ص ٨.

لاوە چەندین رۆشنایی جوان دەخاتە سەر تێکستەکەو رووبەرێکی فراوانتر ئاشکرا دەکەن، بێگومان ئەم چەشنە میتۆدە لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا پێی دەوترێت میتۆدی تەواوکاری واتە (المنهج التكاملي) یان (المناهج التكاملية) لێرەدا میتۆدەکان یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی تێکست".[1]

"بەکارهێنانی فرە میتۆدی بەرەو هەڵبژێرگەرایت (الانتقائية) دەبات بەوەی لە هەموو میتۆدێك شتێك وەرگری کە بەسوود بێت بۆ رەخنەگرەکە بۆنموونە سوود لە میتۆدەکانی، مێژوویی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، فۆرمالیستی وەرگریت وەستانێکی تایبەت لە دەقەکە بۆ شیکردنەوەو تێڕامان پێویستە لەهەمانکاتیشدا پەنابردن بۆ میتۆدەکانی تر بۆ دەرخستنی دەقەکە پێویستە، دەتوانین بڵێین ئەم میتۆدە هەڵبژێرگەراییە، میتۆدێکی گشتگیرییە (المنهج التكاملي)".[2]

"رەخنەگری سەرکەوتوو، ئەو رەخنەگرەیە کە لەنێو یەك میتۆدا چەق نەبەستێت".

"ئەگەر رەخنەگر زیاد لە زاراوەیەكو زیاد لە میتۆدێکی بۆ خوێندنەوەی تێکست پێنەبێت، ئەوا، رەنگە نەتوانێت بە هێزێکی مەعریفییەوە لایەنە گرنگەکانی تێکست بپشکنێت دەشێت بە لاوازی لە پراکتیزەکردن بێتە دەرێ".[3]

"ئەم میتۆدە بریتییە لە تێڕوانینی کاری ئەدەبی لە هەموو رووەکانیەوە خاوەنەکەی، ژینگەو مێژوو لەهەمان کاتیشدا رەچاوی لایەنە هونەریەکەیش دەکاتو خۆی ناخاتە ناو توێژینەوەی مێژوویی‌و دەروونییەکانەوە".[4]

"رەخنەی نوێی عەرەبی زۆرجار میتۆدی گشتگیری بەکارهێناوە بەوەی هەموو میتۆدەکانی لەیەك توێژینەوەدا بەکارهێناوە، لەوانە: (طه حسين) لەبارەی (المعرى) و (المتنبى)یەوە، هەروەها (العقاد) لەبارەی (ابن الرومى)یەوەو دەیانی تریش"[5]

---

١ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبو زانستە مرۆڤایەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥،ل ٣٧٨ .

٢ على جواد طاهر (د.)، في النقد الادبي، بغداد، ١٩٥٩، ص٤٤٣.

٣ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبو زانستە مرۆڤایەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥ ، ص ١٩٧.

٤ سيد قطب، النقد الادبي، اصوله ومناهجه، القاهرة، ٢٠٠٣، ص ٢٥٣ .

٥ نفس المصدر ، ص ٢٥٣ .

"زۆرجار تایبەتمەندێتی دەق وا دەخوازێت کە زیاتر لە میتۆدێ بەکاربهێنی، نەك تەنها جەخت لەسەر تاك میتۆدی بکەیت" [1]

"لە دنیای ڕەخنەدا هەموو تیۆرێك پایەیەکی هەیە، ئەم پایانەیش بە هەموویانەوە پێکەوە میتۆدێکی گشتگیری پێکدەهێنن بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی یاخود هەموو دەقەکان". [2]

کەواتە بەپێی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە لەسەر میتۆدی گشتگیری دەتوانین بڵێین کە دوو بۆچوونی جیاواز لەسەر تاك میتۆدیو فرە میتۆدی بۆ شیکردنەوەی دەق هەیە، یەکێکیان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە لە یەك لایەنەوە دەق شیبکرێتەوە، بەپێچەوانەیشەوە دووەمیان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە لە چەند لایەکەوە ئاوڕ لە دەق بدرێتەوەو بەپێی میتۆدی جیاواز دەق شیبکرێتەوە. لە ڕەخنەی کوردیشدا هەر لە کۆنەوە بەزۆری کار لەسەر فرە میتۆدی کراوە، بەڵام وەك لایەنی توێژینەوەی ئەکادیمی ئاماژە بە ناوی میتۆدی گشتگیری نەکراوە، بەڵام دواتر لێرەو لەوێش کار بەپێی تاك میتۆدی کراوە.

(طه حسین) لە کتێبەکەیدا (في الادب الجاهلي) بەبێ ناوهێنان ڕەخنە لە جیهانبینیو ڕەهەندی تاك لایەنیو دوورکەوتنەوە لە ڕەهەندی فرەلایەنی دەگرێت، ڕەنگە (سید قطب) لە کتێبەکەیدا (النقد الادبي اصوله ومناهجه) یەکەم کەس بووبێت ئەم زاراوەی لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا بەکارهێنابێت، ئەم نووسەرە گرنگی ئەم میتۆدە لەوەدا دەبینێ کەوا هەموو ئەدواتێکی هەیە بۆ شیکردنەوەی دەق. دواتریش (شکری فیصل) دوای دوو ساڵ لە سید قطب واتە ساڵی (١٩٤٨) کاتی ئامادەکردنی تێزی ماجستێرەکەی داوای گشتگیری لە میتۆدا دەکرد. ساڵی (١٩٦٩)یش (د.جمیل صلیبا) داوای میتۆدی گشتگیری کردووەو بەوەی زانیوە کە کۆکەرەوەی هەموو میتۆدەکانە، چونکە تاك میتۆدی لەوانە: مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، کەموکوڕی زۆرە.

لە حەفتاکانو هەشتاکاندا توێژینەوەی زۆر لەسەر میتۆدی گشتگیری کراوە لەوانە: توێژینەوەی (شوقی ضیف) ساڵی (١٩٧٢) لە کتێبی (البحث الادبي)دا تێدا جەختی لەوە کردۆتەوە کە نابێت

---

١ محمود طرشونة، إشكالية المنهج في النقد الادبي، ٢٠٠٨ ، ص١٩.

٢ سمير شريف ستيتية (د.)، منازل الرؤية، منهج تكاملي في قراء النص، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠٠٣، ص٥.

توێژەر پشت بە یەك میتۆد ببەستێت، بەڵكو پێویستە سوود لە هەموو میتۆدەكان وەربگرێت .

بڕوانە: د.احمد عقيلى، قراءة في المنهج التكاملي في النقد، موقع الكتروني (www.icpli.org.uk

د.سعدلي سليم دەڵێت: چۆن پێویستمان بە فرەیىو دیالۆگە ئاوهایش پێویستمان بە رەخنەی گشتگیرییە، چونكە زۆر لەسەر یەك رەوتو رێڕەو رۆیشتین ئێستا كاتی دانیشتنو تێكەڵاویە زۆرجار زاراوە زۆری هەبووەو هەریەكە واتایەكی گەیاندووە لەوانە: رەخنەی گشتی، رەخنەی دیالۆگی، لە كۆتاییدا رەخنەی گشتگیری واتە كۆكەرەوەی میتۆدە جیاوازەكان خۆی سەپاند. توێژەری میسری (حسن درويش) دەڵێت: میتۆدی گشتگیریی توێژینەوەیە لە بەرهەمی ئەدەبی بەبێ خۆبەستنەوە بە میتۆدێكی دیاریكراو، بەڵكو دەبێت مامەڵە لەگەڵ كۆی میتۆدەكان بكەین. هەروەها دەڵێت: زۆر لە رەخنەگران باسی ئەم میتۆدەیان كردووە، لەوانە: سيد قطب، عبدالقادر القط، احمد كمال زكي، شكری فيصل، شوقی ضيف، عبدالمنعم خفاجي، جورج طرابيشی، يوسف الشارونی، عمر محمد طالب. دیسانەوە دەڵێت: دەبێت باوەڕمان بە فرە میتۆدی لە دیالۆگو ژیاندا هەبێت بە دوور لە فەرزكردنی تاك میتۆدی، چونكە ئەم میتۆدە توانای رەهای لە چارەسەركردنی كێشە كولتوریە جیاوازەكاندا هەیە .

بڕوانە: (revue.ummto.dz/indeyph/playorticley/viewfile/87/713 )

بە بۆچوونی د.صالح هويدی هەر هەوڵێك بدرێت كەوا دەق لە ڕوانگەی تاك لایەنییەوە بخوێنرێتەوە، ئەوا دەق بەرەو داخران دەبرێت. بڕوانە: [1]

هەروەها دەڵێت "ئەو پرەنسیپەی كە باوەڕمان پێیەتی ئەوەیە كە بونیادی تایبەتی دەقو لۆجیكە هونەرییەكەی جۆری میتۆدەكە دیاریدەكات". [2]

ئەوەی كە بەدواداچوون بۆ رێڕەوی رەخنەی رۆژئاوایی بكات بۆی دەردەكەوێت كە دەركەوتنی میتۆدە دەرەكییەكان بۆ شیكردنەوەی دەق لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا دەركەوتن، وەك میتۆدی دەروونی، كۆمەڵایەتی، مێژوویی...تاد، ئەمانەیش ئەنجامی پێشكەوتنی كێڵگەكانی زانستو زانینە بایلۆژیو دەروونیو مێژووییەكان بوون، ئەمەیش وایكرد كە وانەی رەخنە سوودیان لێببینێت، ئەمەش هۆكارەكەی كاردانەوەی رێڕەوی ئینتیباعی بوو كە جۆرە خوێندنەوەیەكی خودیی

---

١ صالح هويدى (د.)، لعبة النص، الطبعة الاولى، الامارات العربيه المتحده، الشارقة، ٢٠٠٧ ، ص ٩.

٢ نفس الصدر ، ص ١٠ .

بەرهەمهێنـا کە گوزارشـتی لە میـزاج‌و کولتـوری رەخنەگرەکـان دەکـرد. رەوتە دەرەکییەکـان دەق، رەخـنەی لە دەسـەڵاتی خـودەوە (سـلطة الـذات) کە خـۆی لە رەوتـی ئینتیباعیـدا دەبینیـیەوە بـۆ دەسـەڵاتی کـاریگەرییە دەرەکییەکـان (سـلطة المـؤثرات الخارجیـة) گواسـتەوە، واتە لە سـەردەم‌و پێکهـاتە کەسـییەکان، تـوخم بـۆ هۆکـاری ناهۆشـیاری‌و چینـایەتی‌و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتیەکـان، ئەمەیش دەقی ئەدەبی بە مەرجەعیەتـی زانسـتی بـارگران کـردو کـردیە ئامـانجی یەکەمـی‌و خـودی دەقی فەرامۆشـکرد، کەواتە مەعـریفەی زانسـتی لەسـەر ئەژمـاری دەق وەسـتایەوەو دەقـی تووشـی هەژاری‌و پوکانەوە کرد. هەر ئەمەیش وایکرد کە بزوتنەوەیەکی یاخیگەرانەی رەخنەیی پەیـدا ببێـت کە داوای گەڕانەوەی شـکۆی دەق بکـات‌و بانگەشـەی بەرز راگرتنـی دەسـەڵاتی دەق (سـلطة الـنص) بکات.[1]

لەراستیدا بیـرۆکەی مردنـی نووسـەر (مـوت المؤلـف) کە لە زۆر سـەرچاوەی رۆژئاواییـدا ئامـاژەی پێکراوە رەگ‌و ریشەی فەلسەفی‌و باکگراوندی ئایدیۆلۆژیای هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ خودی بونیـادی شارسـتانێتی ئەوروپـی (نیتشـە)، کاتێـك وتەی مردنـی خوداوەنـدی راگەیانـد، بەهەمـان لـۆژیکیش بونیادگەری‌و هەڵوەشاندنەوەگەرایی مردنی نووسەریان راگەیاند. لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆئەوە بکەین کە بیـرۆکەی مردنـی خوداوەنـد لە نێوەنـدە رۆژئاواییەکانـدا پێشـوازییەکی بەرچـاوی لێکـرا، چـونکە گوزارشتکردنبوو لە دۆخێکـی تـایبەتی کە ئەوروپـای پێـدا تێـدەپەڕی، لەهەمانکاتیشـدا ململانێکـردن بـووە لەگەڵ غەیبـانییەت‌و میتافیزیکیـدا. وتەی مەرگـی دانەر بە روانـگەی نیتشـە، واتە بایەخـدان بەتوانای مرۆڤایەتی، تا پرۆسەی بیرکردنەوەی خۆی بەشێوەیەکی رەهای ئازاد دوور لە میتافیزیکـای ئامادەکراو پیادە بکات، ئەمەیـش خـۆی لە خۆیـدا بانگەشـەی ئاشکرابوو بـۆ خـود تـا خـۆی لەو شتە شاراوەو تەمومژانە رزگار بکات، ئەمەیش بوو بە بانگەشەی هەڵسوڕێنەرانی هەڵوەشاندنەوەگەراکان، بیرۆکەی مردنی خوداوەند هاتە نێوەندی ئەدەبیی‌و رەخنەییەوە بە چەند ناونیشـانێکی هاوشـێوەوە، نووسەران مردنی کەسایەتییان لە بواری ئەدەبدا راگەیاند، هەروەها رەخنەگـرانیش مردنـی دانەریـان لە بواری رەخنەدا راگەیاند. بڕوانە: [2] و [3].

١ نفس المصدر ، ص ٣٧ .

٢ بشير تاوريت (د.)، فلسفة النقد التفكيكي في الكتابات النقدية المعاصرة، دمشق، ٢٠٠٩، ص ١٧.

٣ بشير تاوريت (د.)، الشعرية والحداثة، الطبعة الاولى، دار رسلان للطباعه والنشر، دمشق، ٢٠٠٨، ص ٤٤- ٤٦.

خودی میتۆدی بونیادگەری خۆ رزگارکردن بوو لە تەوەری خودو بابەت پێکەوەو رۆیشتن بەرەو دەسەڵاتی سیستم و نەسق و پێکهاتەی ناوەوە کە زمان تێدا بالادەست بێت، بونیادگەراکان خۆیان لە توێژینەوە لە تۆڕی پەیوەندی ناوەوەی دەق و دۆزینەوەی کۆدو ئەنساقی گوتارو دوالیزمی زماندا سەرقاڵکرد، ئەمەیش ئەوانی خستە تەنگژەوەو دیلی تەنهایی زمانەوە بەوەی جیهانبینیان تەنها خودی لۆجیکی ناوەوەی دەقدا بەبێ رەچاوکردنی نووسەرو خوێنەر دەبینی. ئەم رەوتەیش وردە وردە بەرەو رەتکردنەوەیەکی تر رۆیشت ئەویش دەرکەوتنی دەسەڵاتی خوێنەر (سلطة القارئ) کە باوەڕیان وابوو کە خوێنەر بەرهەمی راستەقینەی دەقە، بانگەشەی رزگارکردنی خوێندنەوەی دەقیان لە دیلی تاك خوێندنەوە دەکرد. بڕوانە:[1]

"لە پێگەی یەکەمدا دەقی ئەدەبی بونیادێکی زمانەوانییە لەبەرئەوە پێویستمان بە دەروازەیەکی زمانەوانی هەیە، لەلایەکی تریشەوە پێکهاتەیەکی خوازەیی هەیە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستمان بە خوێندنەوەی سیمیۆلۆژی و بونیادگەری و هێرمینۆتیك هەیە، تا بونیادە قوڵەکانی دەق کەشف بکەین کاتێك کە پێویست دەکات و دەقەکەیش ئەوە دەخوازێت، وەستان لەسەر میتۆدی بونیادگەری کەشفی سروشتی بونیادی هونەری و شێوەی پەیوەندییەکانی دەقە لەگەڵ یەکتردا، بەڵام دەقی ئەدەبی تەنها بونیادێکی رووت نییە، ئەوەی بۆ ئەم میتۆدە دەگوترێ، بۆ هەموو میتۆدەکانی تریش راستە".[2]

راستە هەندێ بۆچوونی بونیادگەراکان بەتایبەت بونیادگەری زمانەوانی، نەك بونیادگەری پێکهاتەیی پێی وایە، کە دەق تەنها پێکهاتەیەکی زمانەوانی رووتەو هەر لەو روانگەیەشەوە شیکردنەوە بۆ دەقی ئەدەبی بەتایبەت شیعر دەکەن، بەڵام زۆربەی رەخنەگرانی ئەدەبی، لایەنگری ئەو بۆچوونە نین، بە بۆچوونێکی توندڕەوانەو تاك لایەنەی ئەژمار دەکەن.

رێبازە ئەدەبییەکانیش بۆچوونیان بۆ ئەرکی شیعر جیاوازە بۆ نموونە "لای سمپولیزمەکان شیعرو بەشێوەیەکی گشتیش هونەر نابێ هەڵگری هیچ پەیامێکی سیاسی و هیچ ئامانجێکی ئەخلاقی یان

١ صالح هویدی (د.)، لعبة النص، الطبعة الاولى، الامارات العربیه المتحده، الشارقة، ٢٠٠٧ ، ص٣٩.
٢ نفس المصدر ، ص ١١.

کۆمەڵایەتی بێت، بۆ روونکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە بودلێر دەڵێت: ئامانجی شیعر گەڕان نییە بەدوای راستیدا، مەبەستی شیعر لەنێو بوونی خۆیدایە". [1]

**بەشی دووەم**

**پراکتیزەکردن**

ناونیشان:

ناونیشان بابەتێکی گرنگی دەقی شیعرییە، کاریگەریی خۆی بەسەر دەقەوە دەبێت. "گرنگی ناونیشان لەوەدایە کە توخمێکی گرنگی پێکهاتە ئەدەبییەکەیە، هەروەها پێکهاتەیەکی ناوەوەی دەقەو بایەخێکی دەلالیش بۆ خوێنەر دروستدەکاتو دەبێتە نوێنەری دەسەڵاتی دەق". [2]

" هەروەها ناونیشان دەبێتە بەشی ئامازەپێکەری دەقەکەو هۆکارێکیش دەبێت بۆ بەشداریکردن لە رونکردنەوەی لێڵێکان". [3]

" ناونیشان مەرجەعێکە ئامازەو رەمز لەخۆدەگرێت واتا چڕ دەکاتەوە دانەر دەقەکەی لەسەر دەچنێت پرسیارێکە دەقەکە وەڵامی دەداتەوە خوێنەریش راڤەو زیادەی دەخاتە سەر". [4]

"ناونیشان دەبێت پابەندی ناوەڕۆکی دەقەکە بێت، یاخود زۆر لێی دوورنەکەوێتەوە، ئەمەش پێی دەگوترێت پابەندبوون بە دەق (الالتزام بالنص)". [5]

دەتوانین بڵێین پێگەی ناونیشان گرنگی خۆی هەیەو سێبەری بەسەر دەقەکەدا زاڵە، ئەگەر سەیری دەقی ئەی رەقیبی دڵدار بکەین، دەبینین ناونیشان دەسەڵاتێکی بەهێزی بەسەر دەقەکەدا هەیە، هەر لەسەرەتاوە، تا کۆتایی ناوەڕۆکی دەقەکە بەزۆریی دیالۆگ لەگەڵ ناونیشاندا دەکات، دەتوانین بەم خشتەیە روونی بکەینەوە، واتە شاعیر لە ڕێگای ئامازەپێکراوەکانەوە (مدلول) دیالۆگ لەگەڵ ئامازەپێکەر (دال) دەکات، کە ناونیشانەکەیە، ئەی رەقیبە، بەم شێوەیە:

---

١ د.فەرهاد پیرباڵ، رێبازەکان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ ، ص ١٤٧.

٢ شعيب حليفي، هوية العلامات في العتبات وبناء التأويل، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠١٥ ، ص١٠.

٣ نفس المصدر ، ص ١٠ .

٤ نفس المصدر ، ص ١٢.

٥ نفس المصدر ، ص ٤٠.




نەتەوە زمان ژیان خاك مردن رۆژگار خوێن نیشتمان شۆڕش ئالا ئاین مێژوو بەرەنگاری رابردوو ئێمە رەمزی رەنگ

دەتوانین بڵێین هێزو پانتایی ناونیشان، سەرە، دەقەکەیش تا خوارەوە، لەشەکەیە، واتە کاریگەریی‌و تارمایی ناونیشان تا کۆتایی دەقەکە بەهێزە، خوێنەر یەکسەر هەستی پێدەکات هەرچەند دەقەکە بە روخسار شێوەی کلاسیکی وەرگرتووە، بەڵام بە ناوەرۆك بابەتی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە. بۆنموونە ئەگەر سەیری پانتایی دەقەکە بەپێی رەشی‌و سپێتی بکەین ئەوا دەبینین پانتایی رەشییێکە زیاترە، ئەمەیش بۆ جۆری شیعرەکە دەگەڕێتەوە بەوەی بە شێوازی کۆن یاخود نوێ نووسرابێ، واتە دەقەکە بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| قەبارەی پانتایی رەشێتی لە دەقەکەدا | قەبارەی پانتایی سپێتی لە دەقەکەدا |

له دەقی شیعری نوێدا بە زۆری پانتاییەکە پێچەوانە دەبێتەوە.

ئەی رەقیب

کەرکوك

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان

نای رمێنی دانەیی تۆپی زەمان ١

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین

سەیرێکە خوێناویە ڕابوردوومان ٢

ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەی خوسرەوین

دینمان ئاینمانە نیشتمان ٣

کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە

زیندووە هیچ نانەوێ ئالاکەمان ٤

چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕەشێر

بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران ٥

لاوی ئێستاش حازرو ئامادەنە

جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان ٦

لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەك دلێر

سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان ٧

کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە

زیندووە هیچ نانەوێ ئالاکەمان ٨

گ، رۆڤار، ژمارە ١٠، ل٣٦

ئەگەر سەیری دەقەکەی ئەی رەقیب بە وردی بکەین، دەبینین ناونیشان لەگەڵ هەموو دێڕەکاندا ئامادەبوونی کاریگەری هەیە، بەم شێوەیە:

ئەی رەقیب + ١

ئەی رەقیب + ٢

ئەی رەقیب + ٣

ئەی رەقیب + ٤

ئەی رەقیب + ٥

ئەی رەقیب + ٦

ئەی رەقیب + ٧

ئەی رەقیب + ٨

واتە ناونیشان بەتەنیا لەگەڵ کۆی دێڕەکاندا دەق پێکدەهێنێت، لێرەدا هەرچەند دەقەکە لەسەر شێوازی یەکێتی دێڕ بونیادنراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆی دەقەکە یەکێتی بابەتی تێدا دەبینرێت بەوەی لە بابەتێکی دیاریکراودا دەسوڕێتەوە. ئەگەر بەپێی جێناو دەقەکە بکەینە دوو بەشەوە، ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:

دێڕی ١ + ٢ + ٣ + ٤ ] ← ئامادەیی زۆری جێناو

دێڕی ٥ + ٦ + ٧ + ٨ ] ← لاوازیی جێناو

واتە بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم = ٧

دووەم = ١

ئەگەر بڕوانینە پانتایی دەقەکە لە ڕووی بەکارهێنانی فرمانەوە، ئەوا دەبینین کۆی دەقەکە زیاتر لە (١٥) فرمانی رابردوو و رانەبردووی تێدایە، ئەمەیش ئاماژەیە بۆ زیندوێتیو چالاکی دەقەکەو دەلالەتیشە بۆ ململانێی زەمەنی رابردوو لەگەڵ ئێستادا.

ئەی رەقیب ← مێژووی رابردوو

ئەی رەقیب ← مێژووی ئێستا

واتە لێرەدا دەقەکە دەمانباتەوە ناو سۆسیۆلۆژیای مێژووی کوردەوە بە هەردوو زەمەنەکەیەوە،

واته دێڕەکانی:

دێڕی ١ + ٢ + ٣ + ٤ + ٥ ⟵ کاریگەری رابردوو تێدا بەرجەستەیە

دێڕی ٤ + ٦ + ٧ + ٨ ⟵ کاریگەری ئێستا دیاریدەکات

هەندێ جار بەپێی تەکنیکی تازە ناونیشان بەشێوەی خاڵ .... دەنووسرێت و دانانی ناونیشان جێ دەهێڵرێت بۆ خوێنەر، تا دوای خوێندنەوەی دەقەکە، خودی خوێنەر بەپێی تێگەیشتنی لە دەقەکە، ناونیشان دیاریدەکات، ئەمەیش لە هەندێ نموونەی شیعری کوردیدا دەبینرێت.

**دەستپێك:**

لە کاری ئەدەبی و بەتایبەت شیعر دەستپێك ئەرکی گرنگی هەیەو کاریگەری لەسەر کۆی دەقەکە هەیە، زۆر لە رەخنەگران دوای ناونیشان بایەخێکی زۆر بە دەستپێك دەدەن و دەڵێن چۆن بینایەك خەنەکەکەی تۆکمە بێت ئەوا بەرگەی هەموو شتێك دەگرێت، دەقی ئەدەبیش تا چەند دەستپێکی بەهێزی هەبێت ئەوا دەقێکی سەرکەوتوو دەبێت. دەگوترێت دەستپێك سەرەتایەو کلیلە، دوا دێڕیش قوفڵ دانی دەقە، واتە قورسایی دەق لەسەر دەستپێك هەڵدەچنرێ. "دەستپێك توخمێکی جیاواز لە بونیادی کاری ئەدەبیی نییە بەوەی پێگەکەی لە سەرەتاوەیە هەروەها دۆخێکی بێدەنگی نییە بەوەی داخراوبێت بەسەر خۆیدا، بەڵکو بونیادێکە لە کارە هونەریەکەوە سەرچاوەی گرتووەو پەیوەستە بە لۆجیکی کارە گشتییەکەوە لەهەمانکاتیشدا تایبەتمەندییەکی گوزارشتی هەیە بەوەی سەرەتای قسەیە سەرەتایش بزوێنەری یەکەمی دەقەکەیە".[١]

" هیچ شتێك لە دەقدا روونادات تا نواتەکەی لە دەستپێکەوە وەرنەگریت، چونکە ئەمە سەرەتای دروستە، مەرج نییە هەموو سەرەتایەکیش باش بێت، هەندێ سەرەتای دیاریکراو هەیە داخراوە".[٢]

"دەستپێك دوو ئەرکی هەیە، یەکەمیان، راکێشانی خوێنەرو بیسەرە بۆ بابەتەکە، دووەمیان تەلمیح کردنێکی ئاسانە بەوەی ناوەرۆکی دەقەکە چی لەخۆ گرتووە".[٣]

---

١ یاسین النصیر، الاستهلال فن البدایات في النص الادبي، بغداد، ١٩٩٣، ص٧.

٢ نفس المصدر ، ص ١٦.

٣ نفس المصدر ، ص ٢٣.

"دەستپێك هەرچەند كورت بێت باشترە، چونكە كاریگەری لەسەر چڕی و بایەخدانو كۆنترۆڵكردن دەبێت". [1]

هەموو ئەو بۆچوونانەی سەرەوە جەخت لەوە دەكەنەوە كە دەستپێك لە دەقدا كاریگەری خۆی هەیەو دەقەكە هەمووی لەسەر دەستپێكی تۆكمەو بەهێز بونیاد دەنرێت. كەواتە دەتوانین بڵێین دەستپێك كلیلی دەقەو چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو قوڵایی دەق.

"سەرەتای دەق یاخود دەستپێكی دەق كاریگەری بەرچاوی لەسەر خوێنەر هەیە، ئاراستەی دەكات بەرەو ئەو دەقەی دەیخوێنێتەوە ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت سەرەتایەكی تۆكمە خوێنەر بەرەو دەقەكە دەبات‌و وایلێدەكات، تا كۆتایی لەگەڵیدا بڕوات، بەپێچەوانەیشەوە سەرەتایەكی خراپ‌و لاواز هەتا ئەگەر هەموو دەقەكەیش باش بێت وا لە خوێنەر دەكات لەگەڵ دەقەكەدا نەڕوات‌و ڕێگەی خۆی نەگرێت". [2]

"سەرەتای دەق شوێنی كرانەوەیە واتاكەی تەواو نابێت تەنها بە دەستپێكی تر واتا كۆتایی دەبێت". [3]

"ڕەخنەی هاوچەرخ و توێژینەوەی دەقی مامەڵە لەگەڵ سەرەتای دەقدا دەكات بەوەی ڕێڕەوێكە لەنێوان جیهانی راستی‌و جیهانی دەق لەهەمانكاتیشدا دەستپێكێكە بۆ خوێندنەوە". [4]

(یاسین النصیر) ئاماژە بەوە دەكات كە (عبدالفتاح كیلیطو) گوتویەتی لەم سالانەی دواییدا لە فەرەنسا توێژینەوەكان جەختیان لەسەر سەرەتای گێڕانەوە دەكرد. لەوانە: وشەی یەكەم، رستەی یەكەم، بەندی یەكەم، لاپەڕەی یەكەم، ئەوەی كە دەستپێكی خوێنەر بە دەستپێكی دەقەوە دەبەستێتەوە. بڕوانە: [5]

"زۆرجار لە كولتووری كۆندا لە چیرۆكی میللی‌و دەقە ئاینییەكاندا بەوە دەستپێدەكات (كان یا ماكان فی قدیم الزمان)". [6]

---

١ نفس المصدر ، ص ٢٨.

٢ حسين خمرى (د.)، نظرية النص من بنية المعنى الى سيمائية الدال، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠٠٧ ، ص١١٥.

٣ نفس المصدر ، ص ١١٥ .

٤ نفس المصدر ، ص ١١٧.

٥ نفس المصدر ، ص ١١٧.

٦ نفس المصدر ، ص ١١٧.

له کۆمەڵی کوردەواری خۆیشماندا زۆر چیرۆکی بەرئاگردان و فۆلکلۆری بەوە دەستی پێدەکرد کە دەگوترێت "هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو...تاد. "

"هەمیشە رستە سەرەتاییەکان کارە سەرەکییەکەیان هەڵپاچینی دەقەو خستنەڕوویەتی بەشێوەیەکی چڕپی خوێنەر هاندەدات تا دەق هەڵوەشێنێتەوە تا بەدوای نهێنی رستە سەرەتاییەکان و نهێنی دەقەکەدا بگەڕێت کە ئەم رستانە لەخۆدەگرێت رستە کۆتاییەکانیش وەڵامی رستە سەرەتاییەکان دەبێت". [1]

ئەگەر لە روانگەی دەستپێکەوە بڕوانینە دەقی ئەی رەقیب دەبینین بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان

نای رمێنێ دانەیی تۆپی زەمان

واتە لێرەدا لە نیوە دێڕی دووەمدا یەکسەر وەڵامت دەستدەکەوێت. بە بۆچوونی ئێمە دەق دەستپێك و کۆتایی هەیە، هەرچەند هەندێ لە رەخنەگران لەسەر ئەمە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن کۆتایی دەق بە دانەخراوەیی دەهێڵرێتەوە بۆ خوێنەر، بەڵام لێرەدا دەقی ئەی رەقیبی دڵدار کۆتایی داوە بەدەستەوە بەوەی

دێڕی ١ + ٨ تەواوکەری یەکتر دەبن

واتە هێزی دەستپێك و کۆتایی دەق بەم شێوەیە خۆی دەبینێ:

ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان + زیندووە هیچ نانەوێ ئالاکەمان

واتە نیوە دێڕی دەستپێك لەگەڵ نیوە دێڕی کۆتایی.

ئەگەر لە روانگەی ئاسۆییەوە بڕوانینە دەستپێکی ئەی رەقیب دەبینین هەر وشەیەك پێگەی تایبەتی خۆی لەناو دێڕەکەدا هەیە، بە لابردنی هاوسەنگی تێکدەچێت، واتە لێرەدا هەر وشەیەك وەك پشکۆی ئاگر پاش و پێشی خۆی دەگەشێنێتەوە. زۆر لە رەخنەگرانیش جەخت لەسەر پێگەی وشە دەکەنەوە. لەناو دەقی شیعریدا واتە شاعیر لە رێگای دەستپێکەوە دوو شتی گرنگمان پێدەڵێت کە ئەوانیش بوون و مانەوەیەو ململانێیە لەگەڵ رۆژگاردا بەم شێوەیە:

---

١ عصام واصل، في تحليل الخطاب الشعري، دراسات سيمائية، دار التنوير، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠١٣،ص ١٤.




"پەیوەندی ئاسۆیی واتای بوونی وشەیەك لە سیاقێکی دیاریکراودا، ئامانجیش لێی زانینی پەیوەندی وشەکانە لەگەڵ یەکتردا، بەڵام ستوونی دۆزینەوەی وشەیە واتە ئەو وشەیە چ واتایەك لە دەرەوەی سیاقەکەدا دەوروژێنێت بەوەی ئەم وشەیە چ پەیوەندییەکی بە وشەکانی تری زاکیرەی تۆوە هەیە ئامانجیش لەمە زانینی پەیوەندی وشەی ناو دەقەکەیە بەو وشانەی کە هاوواتای خۆین". ١

واتە کاتێك دەڕوانینە وشەکانی ئەی رەقیب، نای رمێنێ، لە دەستپێکی دەقەکەدا بەشێوەی شاقوڵی، ئەوا یەکسەر لە زاکیرەی خوێنەردا کۆمەڵێك وشە دەوروژێت کە لە دەرەوەی سیاقی دەقەکەدایە بە شێوەیە:




دوژمن داگیرکەر ماڵوێرانی شۆڤێنی مێژوو ئالا پارچەبوون      کۆڵنەدان خەبات شۆڕش شەهادەت مانەوەو بەرگری

١ صلاح فضل (د.)، نظرية البنائية في النقد الادبي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧،ص٣٥.

"لەدوای ئەرستۆوە تائێستا چەمکی دەستپێك فەرامۆشکراوە، جگە لە کتێبەکەی ئەرستۆ هونەری دواندن (فن الخطابة) نەبێت کە بەشێکی تایبەتە بە دەستپێك".[1]

"لە کۆتاییدا توێژینەوە سیمیۆلۆژییەکان بە جیاوازی قوتابخانەکانیانەوە بایەخیان بە دەستپێك داوە بەوەی توانای ئاراستەکردنی خوێندنەوەی هەیە. (جیرار جینێتGerard Genette – ) بنەماو یاساکانی بەسەر دوو بەشدا داڕشتووە، یەکەمیان دەستپێکی سەرەوە (العتبات الفوقية)، دووەمیان دەستپێکی دەوروبەر (العتبات المحيطة)، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەو بەشەی دەستپێکی دەوروبەری ناوەوەی دەقە ئەوانیش دوو رستەی سەرەتاو کۆتاییە".[2]

لێرەدا هەردوو رستەکەی سەرەتاو کۆتایی لە دەقەکەی ئەی رەقیبی دڵداردا دەبینرێت.

هەندێ بۆچوونی تازە هەیە پێی وایە تا چەندێك دەستپێك ناتەبابێت لەگەڵ ناونیشاندا ئەوە جۆرێکە لە نوێگەری. لە دەقی ئەی رەقیبدا دەستپێك ناتەبا نییە لەگەڵ ناونیشاندا، بەڵکو دەتوانین بڵێین لەوەوە سەرچاوەی گرتووە. (ياسين النصير) لەم بارەیەوە توێژینەوەیەکی لەسەر شیعرەکانی (بدر شاكر السياب) کردووەو ئەنجامەکەی بەم خشتەیە ڕووندەکاتەوە:

١- گونجانی دەستپێك لەگەڵ ناونیشاندا ٣٨ دەستپێك

٢- دەستپێك لە ناونیشانەوە سەرچاوەی گرتووە ١٨ دەستپێك

٣- دەستپێك ناتەبایە لەگەڵ ناونیشاندا ٨٣ دەستپێك

بە بۆچوونی (ياسين النصير) بوونی ٨٣ دەستپێك کە ناتەبابێت لەگەڵ ناونیشان، ئەوە دەگەیەنێت کەوا خۆ رزگارکردنێکی هونەرییە لە بالادەستی ناونیشان کەوا لەوەوپێش خاڵی گرنگی شیعر بووەو ئەمەیش بە سیمایەکی نوێگەری شیعر دادەنێت بەوەی ناتەبایی فۆرمی (التباين الشكلى) لەنێوان ناونیشانو دەستپێکدا هەبێت. بڕوانە: [3]

زۆرجاریش لە شیعری کوردیو عەرەبیدا لەمەش زیاتر ڕوودەدات بەوەی شاعیرەکان ناونیشانیش لادەبەنو ئازادی رەها دەدەن بە خوێنەر تا خۆی بەپێی تێگەیشتنی لە ناوەرۆکی دەقەکە ناونیشان دیاریبکات.

---

١ ياسين النصير، الاستهلال فن البدايات في النص الادبي، بغداد، ١٩٩٣، ص٧ .

٢ عصام واصل، في تحليل الخطاب الشعري، دراسات سيمائية، دار التنوير، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠١٣،ص١٤.

٣ ياسين النصير، الاستهلال فن البدايات في النص الادبي، بغداد، ١٩٩٣ ، ص ١٩٩.

هەندێ جار لە دەستپێکدا پرەنسیپەکانی ستاتیکی چڕدەبێتەوە خوازە لەدوای خوازە، وێنە لەدوای وێـنە پێکـدێت، ئەمەیـش لای خـوێنەر پرسـیارێك دروسـتدەکات، کە کـام لەم خـوازانە بیـرۆکە سەرەتاییەکانی دەستپێکی تێدایە. با بڕوانینە ئەم نموونەیە (بدر شاکر سیاب) لە دەستپێکی (أنشودة المطر)دا دەڵێت:

عيناك غابتا نخيل ساعة السحر

أو شرفتان راح ينأى عنهما القمر

خوازەی یەکەم (عيناك) خوازەی دووەم (غابتا نخيل) بەرهەم دەهێنێت ئەمیش خـوازەی سێیەم (سـاعة السـحر) بەرهەم دەهێنـێ، هەروەهـا لە دێـڕی دووەمـدا سـەرچاوەی وێنەکـان لە وشـەی (شرفتان)وە دەستپێدەکات هێڵکارییەکە بەم شێوەیە دەبێت:

خوازە: عيناك ⟵ غابتا نخيل ⟵ ساعة السحر

وێنە: شرفتان → راح / ينأى / والسحر (القمر)

بڕوانە: (النصير، ١٩٩٣، ٢٠٦)

ئاسۆی چاوەڕوانی (افق الانتظار)

زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی یەکێکە لە زاراوە سـەرەکییەکانی تیـۆری پێشـوازی وەرگـرتن (نظريـة الاستقبال والتلقي). ئەم تیـۆرە لە شەسـتەکاندا پـاش مشـتومڕێکی زۆر لەنێـوان بونیـادگەری‌و پـاش بونیادگەری سەریهەڵدا، لە تیۆری رەخنەی تازەدا خوێنەر پایەیەکی دیاریکراوی هەیە، ئەوە نییە چـی لە دەق یان لای نووسەر هەیە وەریبگرێت، واتە تەنیا وەرگری جوانییەك بێت‌و بەرهەمهێنراوەو ئەمی خوێنەریش وەك کالایەك بیپارێزێت، واتە خوێنەر سێبەری نووسەر بووە، بەڵام لە تیـۆری پێشـوازی‌و وەرگرتنـدا واتە نزیکبـوونەوەی خـوێنەر لە دەق‌و کـاردانەوەی لەسـەر خـودی وەرگـر کەواتە پـلەی خوێنەر لە تیۆری وەرگرتندا لە گرنگی نووسەرو بایەخی دەقەکە کەمتر نییە بەم پێیە دەقیش ئاسۆی

چاوەڕوانی خۆی هەیە، هەر لێرەوە کارەکە بەم شێوەیە دەکەوێتەوە:

١- ئاسۆی چاوەڕوانی دەق لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا گونجاوە.

٢- ئاسۆی چاوەڕوانی دەق خوێنەر تووشی نائومێدی دەکات، چونکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی ئەمدا ناگونجێت.

٣- ئاسۆی چاوەڕوانی دەق بەجۆرێك دەکەوێتەوە کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەگۆڕێت قەبارەو پێوەری تری لا دروستدەکات. بڕوانە:[1]

ئەگەر بەپێی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی بڕوانینە دەقی ئەی ڕەقیبی دڵدار، دەتوانین بڵێین ئاسۆی چاوەڕوانییەکە بەم شێوەیە:

واتە لێرەدا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بەپێی خاڵی (١) لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا گونجاوە، واتە لێرەدا خوێنەرە باوەکە لە پانتایی دەقەکەدایە، بەڵام ئەگەر چوارچێوەی دەقەکە بەم شێوەیە بوو:

١ د.عەلی تاهیر بەرزنجی، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤ ، ل ٧-١٠.

ئەوا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بەپێی خاڵی (٢) لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقدا ناگونجێت.

"لە ڕوانگەی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە (افق الانتظار) جوس (Jauss) وایدەبینێ کە خوێنەر ئاسۆیەکی تایبەتی خۆی هەیە کە بەوپێیە پێشوازی لە دەقی ئەدەبی لە ئاسۆی مێژوویدا دەکات بەوەی کە کارلێکی لەگەڵدا دەکات یاخود ڕەتیدەکاتەوە تادەگاتە ئەوەی کە دەڵێت هەموو خوێنەرێکی سەردەم بەرهەمی بارودۆخی ئەو سەردەمەیە". [١]

کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئێستا جیاوازە لە سەردەمەکەی دڵداری شاعیر، چونکە خودی دەقی تازە گۆڕانکاری لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا دەکات ئەمەیش تەبایە لەگەڵ خاڵی (٣)دا.

دەقی ئەی ڕەقیب لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و سەنتەری دەقەوە

هەڵوەشاندنەوەگەرایی خوێندنەوەیەکی دووسەرەیە، لەلایەك هەوڵدەدات توێژینەوە لەسەر تێکست بەشێوەیەکی تەقلیدی ئەنجامبدات بۆ دەرخستن‌و سەلماندنی مانا دیارو ئاشکراکانی ئەو تێکستە پاشان لەلایەکی ترەوە هەوڵدەدات لە خوێندنەوەیەکی پێچەوانەدا ئەو واتا ئاشکرایانە هەڵبوەشێنێتەوەو نەگوتراوەکان ئاشکرا بکات. ئامانجی ئەم چەشنە خوێندنەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی درزەکانی نێوان واتای شاراوەو واتای نهێنی تێکست، واتە درزی نێوان ئەوەی تێکست لە روکاردا دەیڵێت‌و ئەوەیشی کە پەنهانەو ئاشکرای ناکات. بڕوانە:[٢]

هەڵوەشاندنەوەگەرایی یاخیبوونێکیش بووە بەسەر بونیادگەراییەکاندا، چونکە بونیادگەراکان بە پشتبەستن بە زمان هەوڵیاندەدا کۆنترۆڵی دەلالەتی ناو دەق بکەن، بەڵام هەڵوەشاندنەوەگەرایی بانگەشەی بێکۆتایی دەلالەت دەکات ئەوە رادەگەیەنێت کە خودی خوێنەر بەرهەمهێنەری دەلالەتە ئەم بانگەشەیە داکۆکی لە نوێبوونەوەی خۆی دەکات کە هێشتا وەك پرۆژەیەك تەواو نەبووەو لەهەمانکاتیشدا رزگارکردنی نوێگەرییە لەو داخرانەی کە بونیادگەراکان بانگەشەیان بۆدەکرد. بڕوانە:[٣]

---

١ محمد محی الدين مينو، معجم النقد الادبى الحديث، الطبعة الاولى، الشارقة، ٢٠١٢ ، ص ٣٨.

٢ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب‌و زانستە مرۆڤایەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥ ، ل ٣٩٤.

٣ عبدالغني بارت، تأصيل الحداثة، ٢٠٠٦ ، ص ١٠٩.

" له ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە – Deconstruction دەقی کۆتایی و واتای کۆتایی‌و دانەری کۆتایی نییە، چونکە توخمە پێکهێنەرەکانی دەق خاوەن دەلالەتێکی سەقامگیر نین لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر دەگۆڕێت بەم شێوەیە دەق خاوەن خوێندنەوەی جیاواز دەبێت". [1]

" دەسەڵاتی خوێنەر لە میتۆدەکانی دواى بونیادگەری، دەقئاویزان، هیرمینوتیک، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، سیمیولۆژیا، بە خوێندنەوەی ئامادەنەبوو (الغائب) یاخود ئەوەی نەنووسراوە دەردەکەوێت". [2]

تیۆری وەرگرتن Reception (نظرية التلقي)

لە رەخنەی نوێدا یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی پاش بونیادگەری. ئەم تیۆرە بایەخی سەرەکی بە خوێندنەوەو خوێنەر یان وەرگر دەدات. لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دوو تیۆرستی رەخنەی ئەدەبی ئەڵمانی (هانز رۆبێرت یاوس ١٩٢١ – ١٩٩٧) و (لفگانگ ئایزەر) لە زانکۆی کۆنستانسی ئەڵمانی رۆڵی ئاکتیڤانەی خوێنەریان هێنایە ناو رەخنەی ئەدەبییەوە لە بەرجەستەکردنی واتادا خوێنەریان کرد بە سەنتەری هەر تێکستێکی ئەدەبی، دواتریش (یاوس) ساڵی ١٩٦٧ ئەوەی خستەڕوو کە میتۆدە کۆنەکانی توێژینەوە ناتوانێت پارسەنگی پێشکەوتنە نوێیەکانی ئەدەب بێت، چونکە ئەمانە رەگەزی وەرگریان لە هاوکێشەی – نووسەر، دەق، خوێنەردا فەرامۆشکردووە. تیۆری وەرگرتن بنەماکانی خۆی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسریل‌و هایدگەرو گادامێر وەردەگرێت، ئەم فەلسەفەیە خود دەکات بە سەرچاوەی تێگەیشتن. (سلدن، ١٩٩٦، ١٥٦، ١٦٧)

نیشتمان لە هەندێ دەقی شێرکۆ بێکەس‌و لەتیف هەڵمەتدا سەنتەری سەقامگیریی لە دەقەکەدا نییە، بۆنموونە لای شێرکۆ بێکەس لە دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانە، [3]جارێك نیشتمان غاندی یە، جارێك بۆکاسایە، جارێکی تریش بەیانیان سۆفییەکی نورانییە، ئێواران بارق‌و حەجاجە، لێرەدا ئاماژەپێکراو (المدلول) دیاریکراو نییە، بەڵکو بێکۆتایە، بۆنموونە دەکرێ لێرەدا نیشتمان کەسێك بێت، ‌بارودۆخی سیاسی بێت، دەسەڵاتێکی دیاریکراو بێت...تاد، کە ئەمە خۆی یەکێکە لە

١ محمد محى الدين مينو، معجم النقد الادبى الحديث، الطبعة الاولى، الشارقة، ٢٠١٢ ، ص ٩٢.

٢ خليل الموسى (د.)، جماليات الشعرية، دمشق، ٢٠٠٨ ، ص ٢٧٩ .

٣ شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانە، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١ ، ل ١٥٩.

پرەنسیپەکانی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی کەچی لە شیعری (ئەی رەقیب)ی (دلّدار)دا سەنتەر پارێزراوە، نیشتمان شوناسی دیارە، نیشتمان لای دلّدار نەگۆڕە.

نیشتمان لەڕووی جوگرافیاوە بەو پارچە زەوییە دەگوترێ کە گەل تێیدا نیشتەجێیە، بەڵام لە دەقی شیعریدا بە دەلالەتی جۆراوجۆر تەوزیف کراوەو رەهەندی جیاوازیشی وەرگرتووە. بۆ زیاتر روونکردنەوە بڕوانە ئەم دوو وێنەیە.




سەنتەری نیشتمان لە دەقی ئەی رەقیبدا نەگۆڕە.




سەنتەری نیشتمان لای شێرکۆ سەقامگیر نییەو گۆڕاوە.

ئەی رەقیب و دەقی داخراو و دەقی کراوە

بۆ پێناسەکردنی ئەم دوو چەمکە پێناسەی جیاواز هەیە، لێرەدا پێویستە ئاماژەیان پێبکەین. دەقی داخراو "ئەو قەسیدەیەیە کە بەسەر خۆیدا داخراوە، لێڵی زۆری تێدایە لەناو دەقەکە بونیادی بۆشایی هەیە، خوێنەر بەئاسانی ناتوانێت بۆشاییە بونیادیو دەلالەتەکانی پڕبکاتەوە". [1]

لای ئیکۆ دەقی داخراو Closed Texts ئەو دەقەیە کە بە رووی هەموو خوێندنەوەیەکی ئەگەردا دەکرێتەوەو لەلای خوێنەر وروژاندنێك دەخولقێنێ، دەقێکی وشکە بە رووی خۆیدا داخراوە بواری پرسیارکردنو راڤە نادات، چونکە دیلی تاك واتایە، سروشتییە رووکەشەکەی وەك واتاکەی بێت، هەروەها بەم دەقەیش دەگوترێت دەقی تەواوکار، چونکە نووسەرەکەی لەسەر کولتوری باو پەروەردە کراوە دەقێکی داهێناوە لەو ژینگەیەدا دەسوڕێتەوە بواری بۆ خوێنەر نەڕەخساندوە کە پرسیارو شیکردنەوە بکەن ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێنەر لە ئاماژەپێکراوێکی (مدلول) فەرهەنگیدا قەتیس کردووەو لە دەلالەتدا هەژارە. دەقی کراوە بواری پرسیارکردنی تێدایە، خوێنەر دەتوانێت دەلالەتە شاراوەکانی بدۆزێتەوە واتە راڤەکردنی جۆراوجۆری هەیە رووکەشەکەی دەلالەتی قوڵی هەیە ناوەرۆکەکەیشی قوڵترە، واتای ئامادەو نائامادەی هەیە، دەگوترێت دەقی کراوە دەقێکی ناتەواوە، چونکە دانەرەکەی ئاماژەی بە هەموو دەلالەتەکان نەکردووە، بەڵکو بواری بۆ پرسیاری بێ وەڵام داناوە. بڕوانە: [2]

دەقی داخراو ئاساییە، تەواوکراوە داخراوە بەسەر خۆیدا سەرەتاو کۆتایی هەیە شایەنی راڤەیە، بەڵام بۆ تەئویل ناشێت، دەقێکی ئاساییە تەنها بە رووکەش شت دەڵێت ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە رووکەشەکە هەموو دەقەکەیە، دەقێکی بێ لێوارو باگراوندە، تاك دەلالەتە هەژارە تەنها بۆ یەك خوێندنەوە دەگونجێت، بەڵام دەقی کراوە، کراوەیە، دەوڵەمەندە، هێزی ستاتیکای زۆرە، زوو خۆی بەدەستی خوێنەرەوە نادات و پێویستی بە خوێنەرێکی شارەزا هەیە، تا بچێتە قوڵییەوە تا شتە شاراوەکان بدۆزێتەوە. دەوڵەمەندییەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تاك دەلالەت نییە،

---

١ محمد محی الدین مینو، معجم النقد الادبی الحدیث، الطبعة الاولی، الشارقة، ٢٠١٢، ص ٢٣٥.

٢ نفس المصدر ، ص ٢٩٥.

روکەشەکەی شتێکەو قوڵییەکەی شتێکی ترە، لەبەرئەوە هەمیشە شایانی جیاوازیو دواخستنو تەئویلە، دەقیش لێرەدا بەپێی کات شایەنی خوێندنەوەی جیاوازە. بڕوانە: [1]

لێرەدا پێناسەکەی (مینو محمد محی الدین) بۆ دەقی داخراو جێگای پرسیارو گومانە، چونکە جیاوازییەکی زۆری تێدایە لەگەڵ بۆچوونی ڕەخنەگرانی تر بۆ ئەو چەمکەو دژ بەیەکن، بەڵام هاوڕاین لەگەڵ پێناسەی ڕەخنەگران بۆ دەقی کراوە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەوە بڕوانینە دەقی (ئەی ڕەقیبی) دڵدار ئەوا دەڵێین بەپێی هەندێ میتۆد لەوانە: مێژوویی، دەروونناسیی، کۆمەڵیەتی، ئەوا دەقی ئەی ڕەقیب بەزۆری دەچێتە چوارچێوەی دەقی داخراوەوە، بەڵام ئەگەر بەپێی میتۆدەکانی بونیادگەری، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، تیۆری وەرگرتن بێت، ئەوا بەزۆری دەچێتە چوارچێوەی دەقی کراوەوە، بەوەی خوێنەر دەتوانێت خوێندنەوەی تری بۆ بکات بەپێی باگراوندی ڕۆشنبیری خۆی و سەردەم.

"کرانەوەی دەق لە پانتاییدا بێکۆتاییە لە خوێندنەوە هەروەك پۆل ریکور دەڵێت: لە توانای کرانەوەدا دەق بەرەو خوێندنەوەی جیاواز دەڕوات". [2]

"دوورخستنەوەی دانەر لە دەق واتای ئازادی بەخشینە بە دەق تا لەنێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا بە ئازادی هاتووچۆ بکاتو لەهەمانکاتیشدا ئازادی بەخشینە بە ئاماژەکراو (دال) تا بەدوای ئاماژەپێکراو (مدلول)ی جۆراوجۆردا بگەڕێت.[3]

"ئەوەی نەمریو ژیانەوە بە دەقی ئەدەبی دەدات خوێندنەوەی تازەیە". [4]

لێرەدا دووبارە جەخت لەوە دەکەینەوە کە بەپێی تیۆری وەرگرتن ئازادی ڕەها لای خوێنەرە، کە زیندوێتی بە دەق دەبەخشێت. ئەم خوێندنەوەی ئێمەیش بۆ دەقی ئەی ڕەقیبی دڵدار دوا خوێندنەوە نابێت. "بە گۆڕانی کات و شوێن، باکگراوندی ڕۆشنبیری فرە خوێندنەوە دێتە ئاراوە هەندێ جار خوێنەر واتایەك دەدۆزێتەوە کە پێشتر بەسەریدا تێپەڕیوە". [5]

---

١ خليل الموسى (د.)، جماليات الشعرية، دمشق، ٢٠٠٨ ، ص(٢٢٨ ، ٢٢٩ ، ٢٩٤ ).

٢ بول ريكور، نظرية التأويل، الخطاب وفائض المعنى، ترجمة سعيد الغانمي، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص ٦٤.

٣ خليل الموسى (د.)، جماليات الشعرية، دمشق، ٢٠٠٨ ، ص ٢٨٨.

٤ ايمان عيسى الناصر (د.)، وحدة النص، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠١ ، ص ١٣٧.

٥ محمد فتوح، تحليل النص الشعري، الطبعة الاولى، جدة، ١٩٩٩ ، ص ١٨٢.

تێڕامانی دەق و دووبارەبوونەوە

دووبارەبوونەوەی وشەیەك، دەستەواژەیەك، ڕستەیەك لە دەقی شیعریدا دەلالەتی جۆراوجۆری هەیە. "دووبارەکردنەوە دیاردەیەکی پێشکەوتووی شێوازگەرییە کاریگەری لەسەر ئاستی دەنگیو دەلالی دەبێتو پەیوەندییەکی بەهێزی بە زمانی شیعرییەوە هەیەو سەرچاوەی بەهێزە بۆی". [1]

"دووبارەکردنەوە بەشدارە لە پتەوکردنی یەکەی ئۆرگانیو خوڵقاندنی ئامانجێکی ستاتیکی لەبەرئەوە نوێگەرەکان بە کرۆکی گوفتاری شیعری دادەنێن". [2]

دووبارەکردنەوە زیادە نییە، هەروەك هەندێ کەس دەڵێن لە شیعری نوێدا بەزۆری شاعیر بەمەبەست لەپێناوی واتادا ئەوە دەکاتو خوێنەرو وەرگر لە بێزاری دوور دەخاتەوە، بۆنموونە کاتێك شاعیرێك دەڵێت:

کلیل / کلیل / کلیل

یاخود

دەرگا / دەرگا / دەرگا

لێرەدا خوێنەر بەپێی چەمکی دەقەکە دەپرسێت کلیلی ژوورە، یاخود کلیلی چارەسەر، دەرگای ماڵە، یاخود دەرگای چارەسەر، ئەمەیش یەکێکە لە سیماکانی شیعرییەت.

(نازك الملائکە) ئاماژە بە دوو جۆر دووبارەکردنەوە دەدات:

١- دووبارەکردنەوەی بەیانی (التکرار البیانی) :

ئەمەیش کاراترین جۆری دووبارەکردنەوەیە ئامانج لێی جەختکردنەوەی وشە دووبارەکراوەکەیە.

٢- دووبارەکردنەوەی دابەشکراو (التکرار التقسیم):

مەبەست لێرەدا وشەیەکە یان دەستەواژەیەکە لە کۆتایی هەر کۆپلەیەك دووبارەدەبێتەوە، ئامانجیش لێی فۆرمییەکی رووتە. [3]

---

١ نازك الملائكه، قضايا الشعر المعاصر، الطبعة الخامسة، بيروت، ١٩٧٨ ، ص ٢٣٥.

٢ محمد فتوح، تحليل النص الشعري، الطبعة الاولى، جدة، ١٩٩٩ ، ص ٨٦.

٣ عبدالعزيز موافى، الرؤية والعبارة مدخل الى فهم الشعر، القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨ ، ص ٢٨٤.

"پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە دیاردەی دووبارەبوونەوە پێویستی بە کەمێك هۆشیاری شیعری هەیە، کە هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت نەوەك لە کۆتاییدا بەرەو دیاردەیەکی خۆڕایی بڕوات، کە زیانی لە سوود زیاتر بێت بۆ سیاقی شیعرییەکە". [1]

"ئامانج لە دووبارەکردنەوە بەهێزکردنو واتایەو روونکردنەوەیەتی، لەهەمانکاتیشدا بەهێزکردنی تۆنی ریتمە لە قەسیدەدا". [2]

بۆنموونە بدر شاکر سیاب لە دەقێکدا (٧) جار وشەی عێراق دووبارە دەکاتەوە. د.ثائر العذاری دەڵێت: ئەم دووبارەکردنەوەیە مەدلولێکی جادویی لە بۆماوەیی مرۆڤایەتیدا هەیە، تێیدا شاعیر دەیەوێت رۆحی عێراق بهێنێتەوە بوون. بڕوانە: [3]

زۆرجار لە نەستی شاعیردا ژمارەکانی ٣ و ٧ بوونێکی ئایینیو ئەفسانەییو پیرۆزی هەیە، دووبارەکردنەوەکانیشیان هەر گوزارشتە بۆ ئەوە. هەر لەم روانگەیەوە ئەگەر بەپێی تێڕامانی دەقو توانای خوێنەر بڕوانینە ئەم دووبارەبوونەوەیە، دڵدار دەڵێت:

لاوی ئێستاش حازرو ئامادەنە

جانفیدانە، جانفیدانە، جانفیدان

ئەگەر لە روانگەی بۆچوونەکەی د.ثائر العذاری و تیۆری وەرگرتنو پێگەی خوێنەرو تێڕامانی دەقەوەو مەوروثی مێژووی کوردەوە بڕوانینە ئەم دووبارەبوونەوەیەی دڵدار لە دەقی ئەی رەقیبدا، ئەوا دەتوانین وەك خوێنەر ئەوە بخەینە سەر دەقەکە کە گەڕاندنەوەیە بۆ مێژوو و لەهەمانکاتیشدا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بە وتەکانی زەردەشت، وتەی چاك، کرداری چاك، رەوشت چاك.

"دووبارەبوونەوەی چوار فرمان لە بەیتێکدا گوزارشت لە دۆخێکی دەروونیی هەڵچوو دەکات". [4]

بەپێی ئەم بۆچوونە بێت دەقەکەی ئەی رەقیب گوزارشت لە دۆخێکی دەروونی هەڵچوو ناکات بەوەی کە لە بەیتێکدا چوار فرمان دووبارە نەبۆتەوە، هەروەها ئەگەر رێژەی رستەی فەرمانی ٣٩%

---

١ نفس المصدر ، ص ٢٨٤.

٢ جمال خضير الجنابي (د.)، المكونات الفنية في الشعر النسوي الكردي، أربيل، بلا الطبعة، ٢٠١٣ ، ص ١٥٤.

٣ ثائر العذاري (د.)، في تقنيات التشكيل الشعري واللغة الشعرية، الطبعة الاولى، دمشق، ٢٠١١، ص ٩.

٤ عمر محمد طالب (د.)، عزف على وتر النص الشعري، دمشق، ٢٠٠٠، بلا طبع ، ص ٦٢.

بێت ئەمە نزیکە لە شێوازی هەڵچوون‌و بزاوت، بەڵام ئەگەر ١٨٪ بوو ئەوا گوزارشتە لە شێوەی هزری‌و عەقڵانی.[١]

"بەکارهێنانی شێوەی رانەبردوو لەجیاتی رابردوو، گوتەکان زیاتر بەرەو درامی دەبات‌و چست‌و چالاکی دەکات، بەڵام ئەگەر شێوەی رابردوو بۆ قسەکردن بەکاربێت ئەوا شێوازەکە بەرەو چیرۆك دەڕوات‌و کەمتر چالاك دەبێت، هەروەها بەکارهێنانی شێوەی تاك لەبری کۆ ئینتباعێك بە یەکێتی‌و تەبایی‌و گونجان دەدات لەکاتێکدا بەکارهێنانی کۆ لەجیاتی تاك واتای زۆریی‌و بەرفراوانی دەبەخشێت". (الدحيات، ٢٠٠٧، ١٢٣)

هەندێ جار شاعیرەکان مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ رەنگدا دەکەن، هەندێکیان هەمەجۆری رەنگ لە دەقەکەدا تەوزیفدەکەن "گومانی تێدا نییە کە رەنگ گرنگییەکی زۆری لە ژیانی رۆژانەماندا هەیە زیاد لەوەی کە ئێمە وێنای دەکەین، لەگەڵماندایە لە: جلوبەرگ، ماڵ، ئەدەب‌و هونەر، لە ژیانی مادی‌و مەعنەویمان لە کۆمەڵ، دەروونناسی، سیاسەت، بیروباوەڕو ئایین...تاد".[٢]

لەم دەقەی دڵداردا تاك رەنگی دەبینین ئەوەیش پەیوەندی بە جیهانبینی شاعیرەوە هەیە کە مامەڵەی لەگەڵ یەك رەنگدا کردووە ئەویش رەنگی سوورە شێوە ئەندازییەکەی چوارگۆشەیە کە ئامادەیەو ڕەنگەکانی تر نائامادەیە.

١ نفس المصدر ، ص ٦١ – ٦٣ .

٢ كلود عبيد، الالوان، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٣ ، ص ٧.

بۆ نموونە دڵدار دەڵێت:

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین          سەیریکە خوێناویە رابردوومان

لێرەدا ڕەنگی سوور ئاماژەیە بە:




**ئەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- بەکارهێنانی فرە میتۆدی بەرەو هەڵبژێرگەرایی (الانتقائیة)مان دەبات بەوەی لە هەر میتـۆدێ شتێك وەرگری.

٢- ناونیشان لە دەقی ئەی ڕەقیبدا ئامادەبوونی کاریگەری هەیە.

٣- دەقی ئەی ڕەقیب دەستپێك و کۆتایی دیارە.

٤- ناوەڕۆکی دەقەکە لەگەڵ دەستپێك و ناونیشان گونجاوو تەبایە.

٥- لە دەقی ئەی ڕەقیبدا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقدا گونجاوە.

٦- لە دەقی ئەی ڕەقیبدا سەنتەر پارێزراوە، نیشتمان شوناسی دیارەو نەگۆڕە.

٧- بەپێی هەندێ میتۆد لەوانە: دەروونناسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی دەقەکە داخراوەو بەپێچەوانەیشەوە بەپێی هەندێ میتۆدی تر لەوانە: بونیادگەری، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، تیۆری وەرگرتن دەقەکە کراوەیە.

٨- بەپێی تێڕامانی دەق و توانای خوێنەر دەتوانی واتای تر بخەیتە سەر دەقەکە.

## سەرچاوەکان


کوردی:

١. دیوانی دڵدار، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧١.

٢. رۆڤار، دڵدار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە ١٠.

٣. شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٤. عەلی تاهیر بەرزنجی(د) ، چەند توێژینەوەیەکی رەخنەیی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.

٥. فەرهاد پیرباڵ (د)، رێبازەکان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٦. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبو زانستە مرۆڤایەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥.

عەرەبی:

١. ايمان عيسى الناصر (د.)، وحدة النص، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠١.

٢. بشير تاوريت (د.)، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، الطبعة الاولى، دمشق، ٢٠٠٨.

٣. بشير تاوريت (د.)، الشعرية والحداثة، الطبعة الاولى، دار رسلان للطباعه والنشر، دمشق، ٢٠٠٨.

٤. بشير تاوريت (د.)، فلسفة النقد التفكيكي في الكتابات النقدية المعاصرة، دمشق، ٢٠٠٩.

٥. بول ريكور، نظرية التأويل، الخطاب وفائض المعنى، ترجمة سعيد الغانمي، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣.

٦. ثائر العذاري (د.)، في تقنيات التشكيل الشعري واللغة الشعرية، الطبعة الاولى، دمشق، ٢٠١١.

٧. جمال خضير الجنابي (د.)، المكونات الفنية في الشعر النسوي الكردي، أربيل، بلا الطبعة، ٢٠١٣.

٨. حسين خمرى (د.)، نظرية النص من بنية المعنى الى سيمائية الدال، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠٠٧.

٩. خليل الموسى (د.)، جماليات الشعرية، دمشق، ٢٠٠٨.

١٠. سعيد علوش (د.)، معجم المصطلحات الادبية، بيروت، ١٩٨٥.

١١. سمير شريف ستيتية (د.)، منازل الرؤية، منهج تكاملي في قراء النص، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠٠٣.

١٢. السيد تقى الدين، اصول البحث الادبي ومناهجه، ١٩٨٤.

١٣. سيد قطب، النقد الادبي، اصوله ومناهجه، القاهرة، ٢٠٠٣.

١٤. شعيب حليفي، هوية العلامات في العتبات وبناء التأويل، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠١٥.

١٥. صالح هويدى (د.)، لعبة النص، الطبعة الاولى، الامارات العربيه المتحده، الشارقة، ٢٠٠٧.

١٦. صلاح فضل (د.)، نظرية البنائية في النقد الادبي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.

١٧. عبدالعزيز موافى، الرؤية والعبارة مدخل الى فهم الشعر، القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨.

١٨. عبدالغني بارت، تأصيل الحداثة، ٢٠٠٦.

١٩. عبيد الدحيات (د.)، النظرة النقدية الغربية من افلاطون الى بوكاشيو، الطبعة الاولى، دار الفارس للتوزيع والنشر، عمان، ٢٠٠٧.

٢٠. عدنان خالد عبدالله (د.)، النقد التطبيقي التحليلي، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٦.

٢١. عصام واصل، في تحليل الخطاب الشعري، دراسات سيمائية، دار التنوير، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠١٣.

٢٢. على جواد طاهر (د.)، في النقد الادبي، بغداد، ١٩٥٩.

٢٣. عمر محمد طالب (د.)، عزف على وتر النص الشعري، دمشق، ٢٠٠٠، بلا طبع.

٢٤. كلود عبيد، الالوان، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٣.

٢٥. محمد فتوح، تحليل النص الشعري، الطبعة الاولى، جدة، ١٩٩٩.

٢٦. محمد محى الدين مينو، معجم النقد الادبى الحديث، الطبعة الاولى، الشارقة، ٢٠١٢.

٢٧. محمود طرشونة، إشكالية المنهج في النقد الادبي، ٢٠٠٨.

٢٨. نازك الملائكه، قضايا الشعر المعاصر، الطبعة الخامسة، بيروت، ١٩٧٨.

٢٩. ياسين النصير، الاستهلال فن البدايات في النص الادبي، بغداد، ١٩٩٣.